# سوپایەک (دەیەوێت) کەعبە داگیر بکات، کاتێک دەکەن بە (بیابانێک، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایان ڕۆدەچن (بە نێو زەویدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوپایەک (دەیەوێت) کەعبە داگیر بکات، کاتێک دەگەن بە بیابانێک، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایان ڕۆدەچن (بە نێو زەویدا)». (عائیشە) دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن لە سەرەتاوە بۆ کۆتایان ڕۆدەچن (بە نێو زەویدا) لەکاتێکدا بازاڕەوان (کەسانێک بۆ کاری بازرگانی هاتوون) وئەوانەیان تێدایە کە سەر بە ئەو کۆمەڵەیە نین ؟! ئەویش فەرمووی: « سەرەتاوە بۆ کۆتایان ڕۆدەچن (بە نێو زەویدا) پاشان لەسەر نیەتەکانیان زیندوو دەکرێنەوە (بە پێی نیەتەکانیان لێپرسینەوەیان لێدەکرێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی سوپایەکی مەزن دەکات کە دێت بۆئەوەی (مزگەوتی حەرام) لە مەککە داگیر بکات، وکاتێک سوپاکە دەگات بە بیابانێک پێش ئەوەی بگاتە مەککە؛ خودا هەموو سوپاکە ڕۆدەچێنێت بە نێو زەویدا، دایکی ئیمانداران (عائیشە) -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێیکرد سەبارەت بە ئەوانەی بۆ کاری بازرگانی هاتوون یان مەبەستێکی خراپیان نییە لە هێرشکردنە سەر مەککە، وکەسانێکیان تێدایە شوێنیان کەوتوون بەڵام زانیاریان نییە سەبارەت بە پیلانەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە: هەموویان ڕۆدەچن بە نێو زەویدا چونکە لەگەڵ ئەو سوپایەدان وڕۆژی قیامەت زیندوو دەکرێنەوە و بە پێی نیەتەکانیان لێپرسینەوەیان لێدەکرێت، وهەر هەموویان بە پێی نیەتەکانیان لە خێر وشەڕ مامەڵە ولێپرسینەوەیان لێدەکرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4812